# خوای گەورە دەپەرستیت وهیچ هاوبەشێکی بۆ بڕیار نادەیت، ونوێژەکانت ئەنجام دەدەیت، وفەریزەی زەکات دەدەیت، وڕۆژوی ڕەمەزان دەگریت

له ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە: پیاوێکی ئەعرابی^ هات بۆ لای پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم-، ووتی: ڕێنیشاندەرم بە بۆ کردەوەیەک کە ئەگەر ئەنجامی بدەم، ئەوا دەچمە بەهەشتەوە، پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: «خوای گەورە دەپەرستیت وهیچ هاوبەشێکی بۆ بڕیار نادەیت، ونوێژەکانت ئەنجام دەدەیت، وفەریزەی زەکات دەدەیت، وڕۆژوی ڕەمەزان دەگریت»، پیاوەکە ووتی: سوێند بە ئەوەی کە نەفسی منی بە دەستە، هیچ شتێک زیاتر لە ئەمانە ناکەم، کاتێک دوور کەوتەوە؛ پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: «هەرکەسێک پێی خۆشە پیاوێک لە ئەهلی بەهەشت ببینێت ؛ با سەیری ئەو پیاوە بکات».
^[دەشتەکی: مەبەست ئەو کەسانەیە کە لە دەرەوەی شارەکان دەژین، واتە لە دەشت وبیابانەکان دەژین، وپێیان دەووترێت: دەشتەکی].

[سەحیح - ڕاست] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

پیاوێکی ئەعرابی -دەشتەکی- هات بۆ لای پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بۆئەوەی ڕێنیشاندەری بێت بۆ کردەوەیەك کە دەبێتە هۆی چوونە بەهەشتی، پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- وەڵامی دایەوە بەوەی چوونە بەهەشت وڕزگاربوون لە دۆزەخ پەیوەستە بە جێبەجێکردنی پایەکانی ئیسلام ؛ بە پەرستنی الله بەتەنها، وبڕیار نەدانی هیچ شەریك وهاوبەشێك لە پەرستنیدا، وپێنج نوێژە فەرزەکە ئەنجام بدەیت کە خوای گەورە واجبی کردوون لەسەر بەندەکانی لە هەموو ڕۆژ وشەوێکدا، وزەکاتدانی سامان کە خوای گەورە واجبی کردووە لەسەرت، وبیبەخشیت بە ئەوانەی شایستەن. وبەردەوام بیت لەسەر ڕۆژووگرتنی مانگی ڕەمەزان ؛ لەکاتەکەی خۆیدا. پیاوەکە ووتی: سوێند بە ئەوەی کە نەفسی منی بە دەستە، هیچ کردەوەیەک بۆ سەر ئەو پەرستنانە زیاد ناکەم ؛ کە لە تۆوە بیستم، وهیچ شتێکیان لێ کەم ناکەمەوە. کاتێک پیاوەکە دوور کەوتەوە؛ پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: هەرکەسێک پێی خۆشە پیاوێک لە ئەهلی بەهەشت ببینێت ؛ با سەیری ئەم ئەعرابیە بکات.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee